## لەسەر بانگەوازی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان/ ڕێکخراوی دەرەوە

## لەووڵاتەکانی کەنەداو ئوسترالیاو ئەوروپا چەندین خۆپیشاندانی نارەزایەتی و چالاکی سیاسی بەدژی تیرۆری سەردەشت عوسمان و بۆ بەرگریکردن لەئازادی سیاسی و ئازادی بیروڕا و ڕۆژنامەگەری بەرپاکران




دوای تیرۆری سەردەشت عوسمان، خوێندکاری کۆلیژی زمان لەزانکۆی سەلاحەدین و دۆزینەوەی تەرمەکەی رۆژی 6ی ئایار لەگەرەکێکی شاری موسڵ، کە پێش دوورۆژ لەناو شاری هەولێرو لەبەردەم کۆلیژەکەیدا بەبەرچاوی پاسەوانانی کۆلیژەوە رفێنرابوو، هاوکات لەگەڵ کڵپەسەندنی نارەزایەتی جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان، ڕێکخراوی دەرەوەی حزب دەستی دایە زنجیرەیەك چالاکی جەماوەری و سیاسی بۆ ئیدانەکردنی ئەو تاوانە قێزەونەو هەڵخراندنی رای گشتی رەوەندی کوردی و دابینکردنی پشتیوانی ڕێکخراوە چەپ و کرێکاری و یەکێتیە کریکاریەکانی دەرەوە بۆ وەستانەوە لەپاڵ خواستی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستاندا بۆ ئاشکراکردن و بەسزاگەیاندنی تاوانباران.

سەرەتا کۆمیتەی سویدی حزب بەهاوکاری لەگەڵ دەزگای هاوپشتی کە هاورێ بەکر عوسمان (ناسراو بە ئارام عەلی) برای سەردەشت عوسمان بەرپرسیەتی، رۆژی 8 ی ئایار مەراسیمێکی شکۆمەندیان لەشاری یۆتۆبۆری بەرێخست و زیاتر لە 500 کەس لە ئەندامانی رەوەندی کوردی تێیدا بەشداربوون و هاورێ شەماڵ عەلی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب ووتەی حزبی پێشکەشکرد.

رۆژی سێشەممە 11ی ئایاریش هاوکات لە لەندەن و ستۆکۆڵم خۆپیشاندانی نارەزایەتی سازدرا و دەیان کەس لە ئەندامانی رەوەندی کوردی بەشداریان تێداکرد و چەند لایەنێکی سیاسی و یەکیتی کرێکاری پەیامی پشتیوانیان بۆ نارەزایەتیەکانی کوردستان دەربری و خوازیاری ئاشکراکردنی تاوانباران و تەسلیمکردنیان بە دادگا بوون. لە خۆپیشاندانی ستۆکۆڵمدا سەرباری کۆمیتەی سویدی حزب، کومیتەی داکۆکی لەمافی ژنان بەشداربوو. لەو خۆپیشاندانەدا هەریەکە لە عەبدوڵا مەحمودو شەماڵ عەلی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزب وتاریان پێشکەشکرد. هاورێ فارس مەحمود سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق وتەیەکی پێشکەشکرد. لە لەندەن خۆپیشاندان لەبەردەم نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم بەرپاکرا و محسن کەریم وتەی حزبی پێشکەشکرد. هەروەها هەریەکە لە هاورێیان موئەیەد ئەحمەدو نادیە محمود ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وتەیان پێشکەش بە ئامادەبوانکرد. شایانی وتنە کە کارمەندانی حکومەتی هەرێم بەر لەخۆپیشاندانەکە ئۆفیسەکەیان جێهێشتبوو! بەڵام دوای

بڵاوبونەوەی هەواڵەکە لە هەفتەنامەی هاوڵاتی دا پەیوەندییان بەیەکێک لە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکەوە کردبوو وە داوای ناردنی یاداشتی خۆپیشاندەرانیان کردبوو.



ڕۆژی چوارشەممە 12ی ئایار هاوکات لە وولاتەکانی فینلەند و هۆڵەندا خۆپیشاندانی نارەزایەتی بۆ بەردەم سەفارەتی عێراق لە پایتەختی ئەو دوو وولاتە بەرێخرا. هەر هەمانرۆژ لە وولاتی نەرویج خۆپیشاندانێك لەبەردەم پەرلەمانی ئەو ولاتە بەرپاکرا. لە هۆڵەندا خۆپیشاندەران یاداشتێکیان ئامادەکردبوو کە لەدانیشتنێکی راستەوخۆدا بیدەنە دەستی باڵوێز خۆی، بەڵام ناوبراو کە سەر بەپارتییە ئامادەنابێت پێشوازی نوێنەرانی خۆپیشاندەران بکات، بۆیە ئەوکارە ئەوەندەی دیکە خۆپیشاندەران نارەحەتو تورە دەکات و گومانیان لەوەی کە پارتی دەستی لە تاوانی تیرۆرەکەدا هەبێ زیاتر دەبێ! لە فنلەندا مستەفاباهیر بەرپرسی حزب وتەی حزب پێشکەش دەکات و لە نەرویجیش جمال موحسین بەرپرسی کۆمیتەی نەرویجی حزب وتەی حزب پێشکەش دەکات، هەروەکو هاورێ کامیل ئەحمەد کادری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق وتەیەکی پێشکەشی ئامادەبوان کرد.

ڕۆژی هەینی 14ی ئایار، لە شاری سدنی ئوسترالیا خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی دژی تیرۆری سەردەشت عوسمان لەبەردەم نۆێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەرپاکرا. لەوخۆپیشاندانەدا هاورێ عامر سابیر ئەندامی کۆمیتەی ئوسترالیا وتەی حزبی پێشکەشکرد. هەر هەمان رۆژ لە شاری تۆرنتۆی کەنەداش خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی لەبەردەم ئۆفیسی رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناسیۆناڵ بەڕێخرا. هاورێ عامر ئەحمەد کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەجیاتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد.



ڕۆژی شەممە 15ی ئایار لە دانمارك هەر بۆ هەمان مەبەست خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی لە پایتەختی ئەو وڵاتە بەرێخرا و هەمان رۆژیش کۆبونەوەیەکی نارەزایەتی لە شاری تۆرۆنتۆی کەنەدا لەلایەن کۆمەڵێك کەسایەتی و لایەنی سیاسیەوە ئەنجامدرا و هیوا جەمیل لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستانەوە وتەیەکی پێشکەشکرد. ڕۆژی یەکشەممە 16ی ئایار، لە ستۆکۆڵم بۆجاری دوەم خۆپیشاندانی نارەزایەتی بەرپاکراو شەماڵ حەڵی بو نوێنەرایەتی حزب قسەوباسی بۆ ئامادەبوان کرد. هەروەکو لە سویسراش ڕۆژی 18ی ئایار خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی لەدژی تیرۆری سەردەشت لەبەردەم بنکەی ڕێکخراوەی ئەمنستی ئینتەرناسیۆنالدا سازکرا.

شایانی ووتنە کە خۆپیشاندەران سەرجەم دەسەڵاتدارانی شاری هەولێریان بە بەرپرس دەزانی لە ڕووداونی ئەو تاوانەو داوایان دەکرد کە دەستبەجێ تاوانباران ئاشکرابکرێن و لەپرۆسەیەکی ڕوون و ئاشکرادا لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنیان بچێتە پێشەوە. هەروەها هاوڕێیانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی– حیکمەتیست چالاکانە هاوکاریی هاوڕێیانی ئێمەیانکرد لەسەرخستنی کارەکانیاندا. ئەمەو لە زۆربەی خۆپیشاندانەکاندا خۆپیشاندەران یاداشتێکی هاوبەشیان تەسلیمی ئەو لایەنانەکردوە کە لەگەڵیاندا کۆبونەتەوە تا بگاتە دەستی سەرۆکی هەرێم. ئەوەش دەقی ئەو یاداشتە هاوبەشەی خۆپیشاندەرانە کە ئاراستەی سەرۆکی هەرێم موسعود بارزانی کراوە.



"یاداشتی نارەزایەتی دژی تیرۆری سەردەشت عوسمان بۆسەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی"

ئێمە بەشداربوانی خۆپیشاندانی نارەزایەتی دژی تیرۆری سەردەشت عوسمان لەرێگای ئەم یاداشتنامەیەوە سەرەرای ئیدانەو ریسواکردنی ئەو کردەوە قێزەونە، نارەزایەتی توندی خۆمان ئاراستەی سەرۆکی هەریم مەسعود بارزانی دەکەین و داوا دەکەین کە:

1- سەرۆکی هەرێم و پارتی دیموکراتی کوردستان کە دەسەلاتداری واقعیی هەولیرە بەرپرسیارێتی سیاسی و یاسایی رودانی ئەم تاوانە لەئەستۆ بگرن. دەستبەجێ لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی بۆبکەن و لە پرۆسەیەکی شەفافدا ئەنجامدەرانی تاوانەکە و ئەو لایەنەی کە لەپشتی تیرۆرەکەوە وەستاوە بۆ رای گشتی ئاشکرابکەن و راپێچی دادگا بکرێن.

2- دەسەلاتدارانی کوردستان بەپێی یاسا پابەندبوونی خۆیان بەپاراستنی ئازادی سیاسی، بیروراو ویژدان، ئازادیی بلاوکردنەوەو راگەیاندن رابگەیەنن. بەرپرسیارێتی بەرامبەر گیانی هەلسوراوانی سیاسی و رۆژنامەگەری نیشان بدەن و هەنگاوی بەکردەوە بنێن بۆ ریگەگرتن لەدووبارەبوونەوەی تیرۆرو ئینسان کوژی لە کوردستان.

ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

19 ئایاری 2010

Email: wpk.abroad@gmail.com, Tel: 0044 (0) 785 324 3011, Website: www.hkkurdistan.org